

## شاناز عەلی

ناوبژیوانی یاریی تۆپی پێ و ڕاهێنەر لە فێرگەی ڕانیە:

# پێویستە مەرجی کردنەوەی هەر فێرگەیەک ئەوە بێت کە تیپی کچانیشی هەبێت



ڕانیە یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە ناوچەیەکی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت و خاوەنی چەندین وەرزشکاری بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان و لە یارییە جۆراوجۆرەکان، تیپی تۆپی پێی کچانی فێرگەش یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەنی ژمارەیەک یاریزانانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان، یەکێک لەو وەرزشوانانەی کە ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە ناوچەکە چ لە بواری ناوبژیوانی و چ لە بواری ڕاهێنەری، شاناز عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ی شاری ڕانیە و خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆمە لە وەرزش و ڕاهێنەری تیپی فێرگەی کچانە لە شارەکە و ناوبژیوانیی یارییەکانی تۆپی پێش دەکات و لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکان بەدەردەکەوێت، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

کارزان کانەبی





*** چۆن بوو بواری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

-بواری ناوبژیوانی یەکێك بوو لە خولیاکانی سەردەمی منداڵیم کە هەمیشە حەزم پێی کردووە.

*** هەست ناکەی تۆپی پێ بۆ خۆت وەك ئافرەتێك یارییەکی قورس بێت؟**

-بەڵێ، لە چاو یارییەکانی دیکە زەحمەتترە، بەڵام هەر کارێك ئارەزووت بێت، دەتوانی تێیدا سەرکەوتنیش دەستەبەر بکەی، بۆیە ئەو هیوایە لە مندا هەیە و دەتوانم سەرکەوتوو بم.

*** بیرت لەوە نەکردووەتەوە لە شاری رانیە تیپێکی تۆپی پێی کچان دروست بکەی؟**

-من شەش ساڵ پێش ئێستا تیپێکی تۆپی پێی کچانم دروست کرد کە تا ئەمڕۆش بەردەوامین لە مەشق و راهێنان و توانیومانە لەم ماوەیەدا چەند یاریزانێکی باش پێبگەیەنین، ئەمساڵ لە خولی نایابی فوتسالی کوردستان یاریزانمان یاری کردووە بۆ یانەکانی کوردستان کە یەکێك لە گۆڵکارانی خولی کوردستان یاریزانی ئێمە بووە بە ناوی باوان خدر ئەوەش دەستکەوتە بۆ ئێمە.

*** ئاستی یاری تۆپی پێی کچان لە کوردستان چۆن دەبینی ؟**

- زۆر باشی دەبینم لە چاو ساڵانی رابردوو، بەردەوام یاریزانی باش دەردەکەوێت لەو یارییە، ئەوەش مانای ئەوەیە بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرەوپێش بچێت؟**

-بە بۆچوونی من کردنەوەی خولی زیاتر بۆ کچان و بەشداریکردنی فێرگەکانی تۆپی پێ لە خولەکانی کوردستان شان بە شانی یانەکانی کوڕان پێویستە بۆ ئەوەی کچی زیاتر بێتە ناو بوارەکەوە، بێگومان توانای باشیشی تێدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئێمە خاوەنی تیپێکی زۆر باش و تۆکمە بکەین، بەڵام چونکە سەر بە یانە نەبووین، نەمانتوانی لە خولی نایابی کچان بەشداری بکەین.

*** بەرنامەت بۆ خۆت وەکو ئافرەتێکی وەرزشکار چییە؟**

-لە ئێستادا هەوڵی باشترکردنی کاری ناوبژیوانیم دەدەم، بۆ پێشەوەبردنی تیپی فێرگەکەشمان هەوڵ دەدەین، ئێمە کۆمەڵێك مامۆستای خۆبەخشین لە شارەکە و خزمەت دەکەین و یاریزان پێدەگەیەنین لە سەرجەم ئاستەکاندا.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

-هیوا و ئاواتم ئەوەیە لە داوڕۆژدا ببم بە ناوبژیوانێکی سەرکەوتوو، بۆ ئەوەی بتوانم خولە بەهێزەکان بەڕێوە ببەم.

*** چی بەو کچانە دەڵێی کە هاتوونەتە نێو بواری ناوبژیوانی؟**

-حەز دەکەم کچانیش شان بە شانی کوڕان بێنە ناو بوارەکەوە، تا بتوانن خزمەت بکەن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-پێشنیارم پێش هەمووان بۆ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئەوەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە فێرگەی زۆر کراونەتەوە لە کوردستان، بیکەن بە مەرج بۆ هەموو فێرگەیەك کە دەبێت تیپی کچانیشی هەبێت، هەروەها چۆن فێرگەکان و خول بۆ تیپی تۆپی پێی کوڕان دەکرێتەوە، بەهەمان شێوە خول بۆ تیپی تۆپی پێی کچانیش بکرێتەوە.

*** هۆکاری چییە کچان نایەنە نێو بواری وەرزشی لە کوردستان؟**

- لە سنوورەکەی ئێمە واتە رانیە کچان زۆر بە باشی دێنە ناو بوارەکە و بەردەوام لە ئەنجامدانی یاریی دۆستانەداین لەگەڵ یانەکاندا، بەڵام کەمتەرخەمیی زۆر هەیە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار کەوا دەکات دەرنەکەون.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گولان کە بە بەردەوامی خزمەتی وەرزشی شارەکانی کوردستان دەکەن.



# بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان گەرمە

هەرچەندە یارییەکانی مۆندیال تازە تەواو بووە، بەڵام یانەکان لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی مۆندیالیش ئامادەکاری خۆیان ئەنجام دەدا بەمەبەستی بەهێزکردنی تیپەکانیان و چەندین گرێبەستی گەورە و چاوەڕواننەکراو روویدا و بازاڕی گواستنەوەی ئەمساڵ لە چاو ساڵانی رابردوو گەرموگوڕییەکی زۆری پێوە دیارە و هەروەها نرخی یاریزانەکانیش بەرەو بەرزبوونەوەیە ئەمەی خوارەوەش بەشێک لە گواستنەوەی یاریزانەکانە.

ئا: رێبین رەمزی






# نیمار پیرۆزبایی لە دوو ئەستێرەی لاوی وڵاتەکەی دەکات

دوای ئەوەی یانەی ریال مەدرید بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەردوو یاریزانی لاوی بەرازیل (ڤیسنیۆس جۆنیۆر، رۆدریگۆ) مۆرکرد بەمەبەستی یاریکردن لە یانەی شاهانەکان.

ئەستێرەی بەرازیل نیمار لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی) ئیسپانی گوتی: زۆر دڵخۆشبووم بەچوونی ئەم دوو ئەستێرە لاوە بەرازیلییە بۆ یانەی ریال مەدرید و پەیوەندیم پێوە کردن و پیرۆزباییم لێکرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

لە درێژەی قسەکانیدا نیمار گوتی: ئەم دوو یاریزانە بەهرەمەندەن بۆیە ئومێدەوارم گۆڵی زۆر لەگەڵ یانە نوێیەکان تۆماربکەن، بەڵام دوور لە پاریس سان جێرمان.

جێگەی باسە نیمار بڕیاری دا لەم وەرزە هەر لە ریزی یانەی پاریس سان جێرمان یاری بکات ئەمەش گشت پرۆپاگەندەکانی رەتکردەوە، کە باس لە رۆیشتنی بۆ یانەی ریال مەدرید دەکرا.

# گۆڵپارێزێکی ئۆکرانی چووە یانەی ریال مەدرید

یانەی ریال مەدرید بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ گۆڵپارێزی ئۆکرانی و یانەی زۆریا لۆگانیسکی (ئاندرێ لۆنین) مۆرکرد بۆ ئەوەی وەکو گۆڵپارێزی سێیەم لە یانەکە یاری بکات.

ئەم گۆڵپارێزە لاو و باڵا بەرزە بەبری (١٩) ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە ریال مەدرید کرد.

جێگەی باسە چاوەڕوان دەکرێت لەم نزیکانە یانەی ریال مەدرید گرێبەستی گۆڵپارێزی یانەی چێلسی و هەڵبژاردەی بەلژیکا کۆرتوا رابگەیەنێت.






## پۆرتۆ گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی نیوکاسل مۆرکرد

یانـەی پۆرتـۆی پورتوگالـی بەفەرمـی گرێبەسـتی لەگـەڵ یاریزانـی کۆنگـۆ و یانـەی نیوکاسـیل شانسـێل میمبا مۆرکـرد.

ئـەم یاریزانە تەمـەن٢٣ ساڵە مـاوەی سێ وەرزە لـە یانـەی نیوکاسـیل یـاری دەکات، بـەڵام لـە وەرزی رابردوو زۆربـەی کاتەکانی لەسـەر کورسـی یـەدەگ بـووە، بۆیـە بریـاری رۆیشـتنی دا.




## یاریزانێکی ئیتاڵی پەیوەندی بە یانەی ڤالێنسیا کرد

یانـەی ڤالێنسـیای ئیسـپانی بەفەرمـی مۆرکردنـی گرێبەسـت لەگـەڵ یاریزانـی هێڵـی بەرگـری ئیتاڵـی و یانـەی سـپۆرتینگ لیشـبۆنەی پورتوگالـی (کریسـتیانۆ بیتشـینی) راگەیانـد.

ئـەم یاریزانـە تەمەنـی (٢٥) سـاڵە لـە یانـەی ڤیرۆنتینـا دەسـتی بەیاریکـردن کـرد و لـە وەرزی رابـردوو بەشـداری لـە (٤٠) یاریکـرد لەگـەڵ یانـەی سـپۆرتینگ لیشـبۆنە و پێشـتر لـە ریزی یانـەی ریـال بێتیـس بـۆ سـێ وەرز یاریکـردووە.




## یاریزانێکی بەرشلۆنە چووە خولی تورکی

بەفەرمـی یانـەی بەرشـلۆنە رۆیشـتنی یاریزانـی بەرازیلـی (دۆگلاس پێرێـرا) بـۆ یانـەی سـیفاس سـپۆری تورکـی راگەیانـد.

دۆگلاس لە ساڵی (٢٠١٤) چووە ریزی یانەی بەرشـلۆنە، بـەڵام هەلـی یاریکردنـی پێنـەدرا و هەروەهـا دووچـاری رەخنەیەکـی تونـد بـووە، لـەم یارییانـەی، کـە یـاری دەکـرد.

لـە سـاڵی (٢٠١٥) ئـەم یاریزانـە چـووە ریـزی یانـەی سـپۆرتینگ خیخـۆن بەشـێوەی خواسـتن و ئاسـتێکی بـەرزی پێشـکەش کـرد و بـووە هۆکارێـك لـە وەرزی ٢٠١٦ بەشـێوەی خواسـتن بـۆ یانـەی بەنفیـکا یـاری بـکات، بـەڵام لـەم یانەیـە ئاسـتی وەکـو پێویسـت نەبـوو تەنیـا (١٠) یـاری ئەنجامـدا.

لـە یانـەی سـیفاس سـپۆرت یاریزانـی بەرازیلـی رۆبینهـۆ یـاری دەکات.




# کات و شوێنی بەڕێوەچوونی جامی سوپەری ئیسپانیا دیاریکرا

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بڕیاریدا یاری جامی سووپەری ئیسپانیا لە ١٥ـی مانگی داهاتوو لە یاریگەی (ئیبن بەتوتە) لە شاری (تەنجە)ـی وڵاتی مەغریب بەڕێوە بچێت.

هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە بە یاریکردن لە وڵاتی مەغریب دڵخۆشن، چونکە لە مێژووی خۆیدا یانە کەتەلۆنیاییەکە ٤ یاری لەسەر زەوی مەغریب کردووە و هەر ٤ یارییەکەشی بردۆتەوە.

بەرشلۆنە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٩ لە جامی پادشا محەمەدی پێنجەم لە مەغریب رووبەڕووی بایرن میونیخ بووەوە، یانە کەتەلۆنیاییەکە بە ٣ گۆڵ بەرامبەر ٢ گۆڵێك یارییەکەی بردەوە.

بەرشلۆنە بۆ دووەمجار لە مێژوویدا لە مەغریب لە هەمان ساڵ بەرامبەر یانەی ساوپاوڵۆی بەرازیلی یاری کرد، یارییەکە بە ٢ گۆڵی بێوەڵام یارییەکەی بردەوە.

بەرشلۆنە لە سێیەم یاری لە مەغریب لە ساڵی ١٩٧٤ دژی یانەی ویدادی مەغریبی یاری کرد، بارسا یارییەکەی بە ٣ گۆڵی خاوێن بردەوە.

دواجار کە بەرشلۆنە سەردانی مەغریبی کرد بێت، لە ساڵی ٢٠١٢ بوو، کە تێیدا بەرشلۆنە بە سەرکردایەتی لیۆنێل مێسی فێستیڤاڵی گۆڵکردنیان تۆمار کرد، کاتێك یارییەکەی بە ٨ گۆڵی بێوەڵام بردەوە.

بەرشلۆنە وەرزی رابردوو ناسناوی لالیگا و جامی شای ئیسپانیای بردەوە، بەمەش لە جامی سووپەری ئیسپانیا بەرشلۆنە بەرامبەر ئیشبیلیە یاری دەکات کە پلەی دووەمی جامی شای بەدەستهێنا بوو، یارییەکەش لە ١٥ـی مانگی داهاتوو لە کاتژمێر ١١:٠٠ـی شەو دەکرێت.



## زاخۆ لە فیفا سکاڵا تـ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زاخۆ دوای ئەوەی ئەمساڵ نەیتوانی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بمێنێتەوە بەهۆی کۆمەڵێك گرفتەوە، لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدایە لە ڕێگای گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراقی گرفتەکانی چارەسەر بکات و مانەوەی خۆی لە خولەکە جارێکی تر زیندوو بکاتەوە، لەم بارەشەوە هوشیار دووبانکی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ گۆڤاری گولآن گوتی: «لە ئێستادا لە گفتوگۆداین لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراقی بۆ ئەوەی بتوانین سێ خاڵی خۆمان




## ئافرەتانی هەولێر ڕاهێنەرێکی نوێ دەستنیشان دەکەن

دوای ئەوەی ئەمساڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر لە خولی فوتساڵی یانە پلە نایابەکانی کوردستان نازناوی خولەکەی بەدەستهێناوە، بەهۆی چەند گرفتێکیش ڕاهێنەر و ژمارەیەك یاریزانی یانەکەی ڕیزی یانەکەیان جێهێشت، کارگێڕی یانەی وەرزشی ئافرەتانی هەولێر، عەباس فەرەجی وەکو ڕاهێنەر دەستنیشان کرد، ژمارەیەك یاریزانیشی هێنایە ڕیزی یانەکەی، عەباس فەرەج لەبارەی هاتنی بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گولآن گوتی: «لە ڕێگای مامۆستا ڕازاو سەرۆکی یانەکە پەیوەندیم پێوە کراوە بۆ ئەوەی وەکو ڕاهێنەر لە یانەی ئافرەتانی هەولێر دەست بە کار بم، بۆیە منیش بە شێوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ یانەکە ڕێککەوتووم و ئەم وەرزەش نازناوی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستانمان بەدەست هێناوە، بۆیە بۆ من شانازییەکی زۆرە کە خزمەتی یانەیەکی شاری هەولێری خۆشەویست بکەم.» گوتیشی: «خۆم و کۆمەڵێك یاریزانی شاری سلێمانی پەیوەندی بە یانەی ئافرەتان دەکەین، ئەو یاریزانانە و کۆمەڵێك یاریزانی تر لە شاری هەولێر تیپێکی تۆکمە دروست دەکەین بۆ خولی عێراقی و کوردستان، بەهیوای ئەوەشم بتوانین لە داهاتوو خزمەتی زۆرتری یانەکە بکەین».

## ـــــــــــۆمار دەکات

بگەڕێنینـەوە کـە لێمـان وەرگیرابـوو، بۆیـە قسـەمان لەگـەڵ سـەرۆك و ئەندامانـی یەکێتـی تۆپـی پێـی عێراقـی کـردووە، ئەوانیـش پاڵپشـتی خۆیـان بۆ یانـەی زاخـۆ دووپـات کردۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی هەمـوو کارێـك بکـەن بـۆ گەڕانـەوەی ئـەو سـێ خاڵـە.» گوتیشـی: «ئەگـەر هاوکارمـان نەبـن، ئێمـە ڕێـگای فیفـا دەگرینـە بـەر بـۆ ئـەوەی سـکاڵا لەسـەر یەکێتـی تۆپـی پێـی عێراقـی تۆمـار بکەیـن، بـۆ ئـەوەی ئـەو سـێ خاڵـە بدەنـەوە زاخـۆ و جارێکـی تـر لـە خولـی عێـراق بمێنینـەوە.» لەبـارەی ئـەو بـڕە هاوکارییـەی کـە یانەکـەش وەریگرتـووە، گوتـی: «حکومەتـی هەرێـم بـڕی ملیارێـك و دووسـەد ملیۆنـی بـۆ ئێمـە سـەرف کـردووە و بـە شـێوازی قیسـت بـە یانـەی زاخـۆی دەدەن، لـە مانگـی چـواری ئەمساڵەوە بۆمـان سـەرف کـراوە، کـە هـەر مانگێـك بـڕی سـەد ملیۆنیان بەئێمـە داوە، جگـە لـەوەش یانـەی زاخـۆ گرفتـی دارایـی هەبـووە و ئێسـتاش قـەرزارە».





### ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرزکردنەوەی قورسایی پارێزگای هەولێر:

# بەهۆی خراپیی باری دارایی نەمانتوانی بەشداری پاڵەوانیەتی پارێزگاکانی عێراق بکەین

لە ماوەی ڕابردوو تیپی پارێزگای هەولێر بە هۆی نەبوونی ئامادەکاری و دابین نەکردنی پێداویستییەکان و قەیرانی دارایی نەیتوانی لە پاڵەوانیەتی پارێزگاکانی عێراق بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی بەشداری بکات، لەسەر بەشداری نەکردنی تیپی پارێزگای هەولێریش لە پۆستێکدا محەمەد ڕەئوف یاریزان و ڕاهێنەری تیپەکە نووسیویەتی: «بەداخەوە بەهۆی کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان نەمانتوانی بەشداریی پاڵەوانیەتی هەڵبژاردەی عێراق بکەین.» محەمەد ڕەئوف لە لێدوانێکی تایبەتیشدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەهۆی بێ کارەبایی و قەیرانی دارایی نەمانتوانی بەشداری ئەو پاڵەوانیەتییە بکەین کە لە شاری بابل لە باشووری عێراق بەڕێوەچوو، ئەگەر کارەبا نەبێت، یاریزان چۆن دەتوانێ ٣٠٠کگم بەرز بکاتەوە بەم هاوینە، یەکێتی لقی هەولێر و کوردستانیش خەمساردییان تێدا کرد، دواتریش کەس بە یاریزانان نالێ کاکە پاڵەوانیەتی هەیە و بەشداری بکەن، لە هەموو پارێزگاکان تیپ بە ناوی پارێزگا بەشدار بووە، هەولێر خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە، کەچی بەشدار نەبوو، چونکە زۆر بە درەنگی ئاگادار کراینەوە، ئەگەر هاوکاریمان بکرایە زیاتر لە دە لە یاریزان بەشداریمان دەکرد.» گوتیشی: «ئەگەر مەسرەفمان لێ نەکەن، چۆن بتوانین بەشداری بکەین، ماوەی چوار ساڵە ڕاهێنەرم لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر، بڕی ٧٠هەزار دینارم مووچە بوو، ئێستا ئەو بڕەپارەیەشیان بڕیوە، چۆن بتوانم لەسەر گیرفانی خۆم بێم مەشق بدەمەوە، ئێستاش یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقین و پاڵەوانی عێراقین لە کێشی ١٢٠کگم و هیوام وایە چاوێك بەم یارییەمان بخشێتەوە.»

